زنجیرە کتێبەکانی گۆڤاری ڕێنوێن ٦

خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سورەتی ئالی عیمران

ئامینە صدیق عزیز

24426

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

بسم الله الرحمن الرحيم

زنجيرە كتێبى گۆڤارى

ڕێنوێن

❖ ناوى كتيب : خوێندنەوەيەكى نوێ بۆ سورەتى نالى عيمران

❖ ئامادەكردنى : امينه صديق عزيز

❖ ديزاين : گۆڤارى ڕێنوێن

❖ ناوى زنجيرەى : زنجيرە كتێبى گۆڤارى ڕێنوێن

❖ ژمارەى زنجيرە : حەوتەم

❖ تيراژ: ١٠٠٠

❖ چاپ : چاپخانەى پەيوەند

❖ نۆبەى چاپ : يەكەم

❖ سالى چاپ : ٢٠١١

❖ نيمەيل: renwen٢٠٠٩@yahoo.com

❖ ماڵپەڕ: www.aubyc.com

❖ ژ.مۆبايل: ٠٧٧٠١٩٣٢٧٤٩

لە بەڕێوەبەرايەتى گشتى كتێبخانە گشتييەكان ژمارەى سپاردنى (١٤٦٤) سالى ٢٠١٠ پێدراوە

مافى چاپ وپەخشى پارێزراوە بۆ گۆڤارى ڕێنوێن

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

سوپاس و ستایشی بێپایان و نەبڕاوە بۆ خوای بێهاوتا و بێشەریك، ستایشێك پڕبە ئاسمانەکان و زەوی و بەژمارەی کەلیمات و دروستکراوەکانی، بەشێوەیەك شایستەی گەورەیی و دەسەلاتی ئەو بێت.

سلاوو بەرەکەتی خوایش بڕژێ بەسەر پێغەمبەرو ئال و یارانی بەو شێوەی ڕڕا بەسەر ئبراهیم و نەوەکانیدا.

خوێنەرانی بەڕێز : سەلام و بەرەکەت و ڕەحمەتی خوا لەئێوەش بێت

ئەم تەفسیرەی لە بەردەستتدایە (تەفسیری سورەتی ئالی عیمران) بیرۆکەی نوسینەکەیم لەو کاتەدا بۆ دروست بوو کە لەم کوردستانە شیرین و لەبارەدا چەند حیزب و ڕێکخراو وسەنتەری ئیسلامی دروست بووە و پاش چەندها ساڵ لەخەبات و تێکۆشان و پاش ئەوەی هیوای زۆرێکی خەڵکی موسڵمانیان پێوەگریدرابوو کەچی هێشتا لەئاستی داوادا نین و بەڵکو لەزۆر لایەندا پاشەکشەیان کردووە.

ئەمە بۆچی ؟ ئەی بۆ بەرەی یەکەمی ئەم دینە بە بێئەوەی ئەزموونێکیان لەپێشەوە بێت لەماوەیەکی کورتدا توانیان متمانەی لایەك لەخەڵکی سەر زەوی بەدەست بهێنن و توانیان کۆنترۆڵی دڵ و بازووی ئەندامەکانی ناو بازنە ئیسلامیەکە بکەن ؟

تەنانەت نەیارەکانیشیان شایەتی بە داد و دڵسۆزی و ئەمینی ئەوان دەدەن، چی وای لەئەوان کرد و چی ئێمەی دواخست ؟ بۆ هەر حیزبێکی ئیسلامی کەمێك قەبارەیان گەورە دەبێت پێشئەوەی فریای خزمەتێك بکەون پارچە پارچە دەبن ؟ ئەمانە و چەندەها پرسیاری تر بۆ موقارەنەی ئێمەو ئەوان، کە نێوانمان ئاسمان و ڕێسمانە.

وەلأمی هەموو ئەو پرسیارانە و هەموو هۆکارەکانی داڕوخان و شکستی ئێمە و هۆکارەکانی سەرکەوتن و ئاوەدانی ئەوان لەتەفسیری ئەم سورەتەدا هەیە.

من بۆخۆم لەکاتی دیراسە کردنی ئەم سورەتە لەگەڵ چەند خوشکێك هەموو ئەو وەلأمانەم دەست کەوت و خۆش لەوەشدا بوو وامان دەزانی تازە دادەبەزێت.

نهێنی چاکی و پاکی و بەکەڵکی موسڵمان لەوەدایە سیاسەت وعیبادەت ومامەڵەی بەپێی قورئان بێت و لێی لانەدات و بیانوی نامەعقول نەهێنێتەوە بۆکردەوە لارەکانی وبەزۆر نەیشەرعێنێت، درۆ و خیانەت پاساوی نیە وفێڵ و تەڵە نانەوە بۆ موسڵمان

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

لەشەرعدا جێی نابێتەوە. لادان لەفەرمانی پێغەمبەر ﷺ هەرەسهێنانی کاری ئیسلامی بەدواوەیە با هەڵسوراوانیشی بلیمەت و سیاسەتمەداریش بن، کاری ئیسلامی وەک کاری سیاسەتمەدارانی تر نیە بەڵکو ئەمان پەیمانیان لەگەڵخوا بەستووە و خواش سەرخستنی ئەمانی بەستووە بە ڕادەی خۆپارێزی ئەمان لەتاوان و هەرکات تاوانیان کرد تەمێیان دەکات بە پێی بەندەکانی پەیمانەکە.

خوێنەری بەڕێز با لێگەڕێم لە تەفسیرەکەدا و بەو ڕێزبەندییە ناسک و پڕلەتامو چێژەی ئایەتەکانی ناو سورەتەکەوە فێری ئەو زانیاریانە ببین.

بڕوام وایە ئەوەی من نوسیومە دڵنیایک نیە لەدەریای پڕلە زانستی سورەتەکە و داواکارم بەفەزڵ و کەرەمی خۆی لێم وەرگرێت ولە هەمووکەموکوڕیەکانیشم ببورێت، کەس وەک ئەو خاوەنی بەخشندەیی و لێبوردن نییە.

لە ئێوەی بەڕێزیش داواکارم هەرتێبینی و سەرنجێکتان هەیە ئاگادارم بکەن تا سودیان لێوەرگرین، چونکە هیچ کەسێک کاملنیە و موسڵمانیش بۆ موسڵمان وەک ئاوێنەوان و هەڵەکانی خۆیانیانی تێدا دەبینن، خواش پاداشتی چاککاران وون ناکات.

دەبێت بڵێم زۆر سوپاس و پێزانینم هەیە بۆ ئەو دوو خوشکە بە ڕێزەی کە یارمەتیاندام بۆ تایپکردنی (دڵکەش عبدالرحمان و سورەیا حسین) خوا پاداشتیان بداتەوە، وزۆرسوپاسی ئەندامانی خێزانەکەیشم دەکەم کە کاتیان بۆ دەڕەخسانم تا خەریکی نوسین و دیراسەکردن بم، وخۆشەویستی و ڕێزیشم بۆ دایک و باوکم کە لە پاداشتدانەوەیان دەستەوسانم

ربنا اغفر لی ولوالدی وللمؤمنین والمؤمنات یوم یقوم الحساب

ربنا اننا سمعنا منادیا ینادی للایمان ان امنوا بربکم فامنا ربنا فاغفر لنا ذنوبنا وکفر عنا سیئاتنا وتوفنا مع الابرار

ربنا واتنا ما وعدتنا علی رسلك ولاتخزنا یوم القیامة انك لاتخلف المیعاد

والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاتة

امینە صدیق عزیز

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library